مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية (20) العدد الثاني – الجزء الاول – ايلول 2025

Kirkuk University Journal of Humanities Studies

مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية

https://kujhs.uokirkuk.edu.iq

DOI: 10.32894/1992-1179.2025.159350.1189

Date of research received 21/04/2025, Revise date 01/05/2025 and accepted date 04/05/2025

# Rebellion in then Poems of (Abdulla Pashew)

**Ahmed Sadeq Khorsheed**

**Assist. Prof. Dr. Izzadin Saber Mohamed**

**Abstract**

This research, entitled Rebellion in the poem of Abdullah Pashew in central and south Kurdistan, is an attempt to ptesent and reflect the rebellion in Bashur's poetic sphere .The history of the Kurdish Peope in Kurdistan has seen many Political and Social ups and downs.Thenthe Future events that are connected to the land and people of the country have had an impact on the poet because of his love to his homeland and attachment to his homeiand and people Thus the rebellion appears clearly in his poetry' therefore, The researchers tried to show the types of rebllionin inpashew poetry.This research consists of two part,in part one of four chapters, we showed the title and the reason for choosing the topic, the terms and concepts of rebellion from the point of view of psychology,and sociology, Rebellion in world literature during the Greek, Roman and Islamic periods is presented., the causes of social and psychological rebellion are presented,in part two we showed the different types of rebellion against political authority and social and religious rebellion,and against the personal homeland . His poetic texts in the light of the research and bassed on several different sources that support a number of conlusions.Which we have listed them at the end of the study. Rebellion in poetry(Abdullah pashew). Also, in light of the research and based on several different ,we reached a number of conclusions and arranged at the end of the research.

**Keywords**:(Modren Kurdish poetre, rebellion ,causes of rebellion, types of rebellion, Abdullah pashew)

# التمرد فى الشعر(عبدالله بشيو)

احمد صادق خورشيد[1]

أ.م.د.عزالدين صابر محمد[2]

**الملخص**

هذا البحث بعنوان(التمرد في شعر عبداللةبشيو)كرمانج الوسطي في جنوب كوردستان هي محاولة لتقديم وعكس التمرد في نصوص الشعرية للشاعر(عبداللة بشيو) بالأضافة الي موقف الشاعر و تمردة علي الاحداث المأساوية والحزينة التي حلت بالشعب الكردي .تاريخ الشعب الكردي في كوردستان من الناحية السياسية والاجتماعية التي شهدت العديد من التقلبات ،وتللك الأحداث كان له تأثير علي (الشاعر) كعاشق لوطنه ومرتبط بوطنه وشعبه ويظهر التمرد بوضوح في شعره ، للذلك حاولنا أظهار أنواع التمرد في شعرة . هذا البحث يتكون من قسمين،في قسم الأول ييكون من اربع الوحدة اظهرنا عنوان وسبب اختيار الموضوع، مصطلحات ومفاهيم التمرد في وجهة نظر علم النفس وعلم الأجتماع ،التمرد في الادب العالمي في العصر اليوناني والروماني والإسلامي،أسباب التمرد(الاجتماعي،النفسي الديني)،وفي قسم الثاني اظهرنا الانواعا لمختلفة من التمردعلى(السلطةالسياسيةوالتمردالاجتماعي،الديني،وعلى الوطن،الذاتي،الشعري)في النصوص الشعريةللشاعر(عبداللةبشيو)،جذللك في ضوءالبحث وبلاسناد علي عدة المصادرمختلفةتوصلنا الى عددمن الاستنتاجات ورتبناهافي نهايةالبحث.

الكلامات المفتاحية:(الشعرالكوردي الحديث، التمرد، أسباب التمرد، أنواع التمرد، عبداللة بشيو)

## ياخيبوون لەشیعرەکانی (عەبدوڵڵا پەشێو)دا

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی (یاخیبوون لەشیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێو)دا بەشێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست کوردستانی باشوور، هەوڵێکە بۆخستنەڕووو ڕەنگدانەوەی یاخیبوون لەدەقەشیعرییەکانی (پەشێو)دا هەروەها هەڵوێست وەرگرتن و یاخیبوونی شاعیرە بەرامبەر ئەو ڕووداو و کارەساتە خەمناکانەی کەبەسەر گەلی کوردا هاتوون ، مێژووی گەلی کورد لەکوردستان لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆیەوە بینیوە ئەو پێشهاتوو ڕووداوانە بۆ(پەشێو)، کەئەوین داری نیشتیمانەوە پەیوەستە بەخاک و گەلەکەیەوە کاریگەریان هەبوووە و یاخیبوون بەڕوونی لەشیعرەکانی (شاعیر)بەدی دەکرێت بۆیە هەوڵمان داوە چەشنەجیاوازەکانی یاخیبوون لەشیعرەکانی (پەشێو)بخەینەڕوو، ئەم توێژینەوەیە لەدووبەش پێکهاتووە.لەبەشی یەکەمدا لەچوارتەوەردا بەشێوەیەکی پراکتیکی، ناونیشان وهۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە، زاراوەی یاخیبوون وچەمکی یاخیبوون لە ڕوانگەی دەروونناسی و کۆمەڵناسیەوە، مێژووی یاخیبوون لەئەدەبیاتی جیهانی لەسەردەمی گریک و ڕۆمانی و ئیسلامدا، هۆکارەکانی یاخیبوون (کۆمەڵایەتی،دەروونی،ئایینی)،خراوەتەڕوو،لەبەشی دووەمدا چەشنەجیاوارەکانی یاخیبوون(لەدەسەوڵاتی سیاسی،کۆمەڵایەتی، ئایینی، نیشتیمان،خودی، شیعری)لەدەقەشیعرییەکانی (عەبدوڵڵا پەشێو)دا خراوەتەڕوو،هەروەها لەبەر ڕۆشنایی توێژینەوەکەو بەپشت بەستن بەچەندین سەرچاوەی جیاوارگەیشتووین بەکۆمەڵێک ئەنجام لەکۆتایی توێژینەوەکەدا ڕیزمانکردووە.

[1]- بكالوريوس،جامعة جرمو،كلية التربية،قسم اللغة الكوردية
[2]- جامعة كركوك،كلية التربية للعلوم الإنسانية، قسم اللغة الكوردية

**کلیلەوشە**:(شیعری نوێی کوردی، یاخیبوون، هۆکارەکانی یاخیبوون، جۆرەکانی یاخیبوون، عەبدوڵڵا پەشێو)

## یاخیبوون لە شیعرەکانی (عەبدوڵڵا پەشێو) دا

## پێشەکی

یاخیبوون دیاردەیەکە لە مێژووی گەلانی جیهاندا بوونی هەبووە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەژیانی مرۆڤایەتییەوە هەیە .یاخیبوون دیاردەیەکی فرەڕەهەندە ،ئەمەش وای کردووە خوێندنەوەو لێکدانەوەی جیاواز لەخۆبگرێت، فەیلەسوف و شاعیران و نووسەران بە هۆی هۆشیاری و رۆشنبیری و جیهانبینییانەوە پێش کەسانی تر لەکۆمەڵگادا لە بەرامبەر ڕووداو پێشهاتەکانی ژیان هەڵوێست و یاخیبوون دەردەبڕن.(عەبدوڵڵاپەشێو) هەڵقوڵاوی نیشتیمان و ئێش و ئازارەکانی گەلەکەیەتی،ئەمەش وایکردووە یاخیبوون لەشیعرەکانیدابەڕوونی دەربکەوێت.

### 1 – 1- 1–ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکە (یاخیبوون لە شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێو)دا ، توێژینەوەکە زاراوەی یاخیبوون و چەمکی یاخیبوون لە دەروونناسی و کۆمەڵناسی و مێژوولە ئەدەبیاتی جیهانی دا لەخۆدەگرێت، لەگەڵ چەشنەجیاوازەکانی یاخیبوون لەشیعرەکانی (پەشێو)دا.

### 1 –1- 2 – هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانەکە:

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ،کە دەمانەوێت کاردانەوەو هەڵوێست و یاخیبوونی (پەشێو)بەرامبەر بەڕووداو و کارەسات و نەهامەتییەکانی گەلی کورد لەباشووری کوردستان بخینەڕوو، چونکە (پەشێو) ئەویندار‌ی نیشتیمان و خەمخۆری گەلەکەیەتی لەم بوارەدا خاوەن جیهانبینی وتێڕوانینی تایبەت بەخۆیەتی .

### 1 –1- 3 – سنووری توێژینەوەکە:

سنووری توێژینەوەکە یاخیبوونە لە کۆی بەرهەمەشیعریەکانی (عەبدوڵڵا پەشێو)دا لەباشووری کوردستان بەزاری کرمانجی ناوەڕاست.

### 1 –1- 4 – میتۆدی توێژینەوەکە:

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە سوودمان لە زانیاری مێژووی و سیاسی وکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری وەرگرتووە، هەروەها بەهۆی میتۆدی (وەسفی شیکار)یەوە

وەسفی چەمکەکانمان کردووەو شیکارمان بۆشیعرەکانی(عەبدوڵڵاپەشێو)کردووەو،لەوڕوانگەیەوە چۆنێتی وچەندایەتی یاخیبوونمان تێدا دیاری کردووە.

**1 –1- 5 – ناوەڕۆکی توێژینەوەکە :**

ئەم توێژینەوەیە لە دووبەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت لەگەڵ پوختەی باس بەزمانەکانی (ئینگلیزی ،کوردی ،عەرەبی) بەشی یەکەم لەچوارتەوەرپێکهاتووە،لە تەوەری یەکەم دا ناونیشانی توێژینەوەکەو بواری توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، لە تەوەری دووەم دا لەچوارپاردا زارەوی یاخیبوون وچەمکی یاخیبوون لە ڕوانگەی دەروونناسان و کۆمەڵناسانەوە خراوەتە ڕوو،لە تەوەری سێیەم دا یاخیبوون لە مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی دا لەسێ پاردا لە سەردەمی گریک و ڕۆمان و ئیسلامدا خراوەتەڕوو، لەتەوەری چوارەم دا هۆکارەکانی یاخیبوون لە سێ پاردا کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئاینی خراوەتە ڕوو، لە بەشی دووەمدا دا بەشێوەیەکی پراکتیکی چەشنە جیاوازەکانی یاخیبوون لەشیعرەکانی (عەبدوڵڵا پەشێو)دا لە شەش پاردا یاخیبوون (لەدەسەلاتی سیاسی،کۆمەڵایەتی،ئایینی نیشتیمانی،خودی،شیعری) خراوەتە ڕوو.

**2-1 – زاراوەو چەمکی یاخیبوون:**

**2-1 – 1 – یاخیبوون لە ڕووی فەرهەنگ و زاراوەییەوە :**

یاخیبوون زاراوەیەکە لەزمانە جیهانیە جیاوازەکاندا لەڕووی زانستیەوە بەشێواز و فۆرمی جیاواز لێکدراوەتەوە و دارێژراوە، زاراوەی یاخیبوون لەو زاراوانەیە، کە بۆتەجێی سەرنجی فەیلەسوف و کۆمەڵناسان و دەروونناسان،گرنگی وبایەخی زۆریان پێداوە، لەگۆشەنیگای جیاوازەوە لێیان روانیوە، زارازوەیەکەلەفەرهەنگ و وشەنامەی زاراوە ئەدەبییەکاندا بەچەند شێوازێکی.لەزمانی ئینگلیزی دا لەبەرامبەر وشەی یاخیبوون (insurgency ) کەبەفۆرمە لاتینیەکەی (insurrection) هاتوەوە ،ئەویش بەواتای (رازیبوون بەباروەدۆخێکی باو یان بەزۆر سەپینراو ، لە فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد) دا لە بەرامبەر وشەی (یاخی )دا ( Rebte)وەکوناو بەکارهاتووە ، ) (Rebete )وەکو فەرمان لەبەرامبەر وشەکانی (یاخی دەبێت ،رادەپەڕێت لە پێناو گۆڕانکاری ) بەکارهاتووە . ( خۆشناو ،2010 : 217). ( لەزمانی عەرەبی دا لە بەرامبەر یاخیبوون ،وشەی جۆراوجۆر بەکارهاتووە، لەفەرهەنگی (لسان عربی )ی (أبن منظور)دا پێیی واییە (التمراد)کە کۆی هێلانەی کۆترە

و وشەی (المارد )بەواتای بەفیز لەخۆبای (تمرد)یش بە واتای لەخۆبایی و یاخی دێت. (الطيب، 2017 :26) لەزمانی کوردیدا لەفەرهەنگە جیاوازەکان دا لەبەرامبەر زاراوەی یاخیبوون وشەی. جۆراوجۆر بەکارهاتووە، هەندێکیان لەزمانی ترەوە وەرگیراون هەندێ تریشیان دروستکراون ،لەفەرهەنگی ( هەمبانە بۆرینە) دا وشەی (مانگرتوو، چەمی بێوار، شقی )لەبەرامبەر وشەی(یاخی )بەکارهاتووە .( موكرياني، 1388 : 56 )، بۆیە پێمان وایيە لەبەر چاو روونی فەرهەنگەکاندا یاخیبوون لەرووی فەرهەنگ و مەبەستەوە لەگەڵ وشەی شۆرش ،زۆر تێک ئاڵاو و پێکەوە گرێدراون و پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوانیان دا هەیە، یاخیبوون هەڵوێستی کەسێک یان کۆمەڵە کەسێکی روناکبیرو بوێرو خاوەن پێشخانێکی رۆشنبیرین، بۆ گۆرانکاری یاخود بەرنگاربوونەوەی هەندێ دابوونەریتی کۆمەڵایەتییاخود سیستەمی سیاسی و دەسەڵات وبەیوەبردن.

## 1-2 – 2 – چەمک و پێناسەی یاخیبوون:

یاخیبوون چەمکێکی فرە رەهەندەولەبوارەسیاسی وفەلسەفی وکۆمەڵایەتی وئاینییەکاندابەرباس دراوە. ئەدەبیش وەک زانستێکی مرۆیی لای لەم چەمکە کردۆتەوە،یاخیبوونی ئەدەبی بەگشتی و یاخیبوونی شیعری بەتایبەتی لەبواری ئەدەب دا گرنگی زۆری پێدراوە ئەمەش بەهۆی جیاوازی فەرهەنگی زمان و کەلتوور و لایەنی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کۆمەڵگا. لەرووی مێژووییەوە ((یاخیبوون دەگەرێتەوە بۆسەردەمێک کە کۆمەڵێک لەهەڵگری باوەرِی کاسۆلۆکی لەکەنیسەی بەریتانی جیابوونەوە و بەمەش جۆرێک لەیاخیبوون لەبیروباوەرِیاندا بەرامبەر بنەماکانی ئاینەکەیان رِووی دا)).(سلوم،2017 : 11). لەهەمان کاتدا ((یاخیبوون لەدەلالەتە زمانەوانیەکاندا ناتەبابێت و هەڵگری دەلالەتی نوێ بیت بەوپێیەی کاتێک زمانەکان دەکەونە دۆخێکی دەروونی یان هەڵچوونی و کەم و کورِیان هەیە)). (نقشبەندی ،2004: 34 ). دەربارەی یاخیبوون کۆمەڵێ پێناسەی جۆراو جۆری کراوە لەوانە، مرۆڤی یاخی مرۆڤێکی بەئاگاو وشیار وچاکە خوازە پێشێلکردنی مافەکانی پێقبوڵناکرێت، یاخیبوون بریتیە: لە پێشێلکردنی بنماو یاساکانی دەسەڵاتی فەرمانرِەوا لە وڵاتدا ودژایەتی کردنی وبەگژداچوونەوەی،یاخیبوون لادانە لەو واقیعەی لەوسەردەمەدا باوە، هەروەها((هەڵوەشاندنەوەی چەمکە کۆنەکان وسەرلەنوێ دارشتنەوەی بەشێوازو ناوەرۆک وگیانێکی بزێوەوە)).(سعيد،2010 :27) لەرِووی دەروونییەوە( یاخیبووان کاتێک کەسێتی مرۆڤ گەشە دەکات بەریەک کەوتن روودەدات لەگەڵ ژینگەی دەرەوە و فشارەکانی سەری زۆر دەبێت ئەمەش وا لەمرۆڤ دەکات هەست بەیاخیبوون دەکات). ( العلى ،2004 : 5 ) . یاخیبوون لەرِووی هونەرییەوە ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی

به بەریەککەوتن و نامۆی و بێزارییەوە هەیە ، بەریەککەوتن زیاتر پەیوەستە بە ململانێ لە نێوان دونیایی دوێنێ و ئەمرۆ دا ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێ ، (یاخیبوون داهێنان نیە لە دونیایی هونەردا ، بەڵکو بارودۆخێکی ئامادەبووە بۆ تێگەیشتن و تێڕامان لە گەردوون) .(الطيب ، 2016 : 29). یاخیبوون لە ڕووی دەروونییەوە هێزێکە لە ناخی مرۆڤدا ، کاتێ دەنگە ئازادەکان سەرکوت دەکرێت و دەربڕینی بیرورا قەدەغە دەکرێت سەرهەڵدەدات ، یاخود( کاتێک منداڵەکان لەلایەن خێزانەوە ڕووبەڕووی هەڵسوکەوتی توند دەبن دەبێتە هۆی ئەوەی ڕووبەڕووی بەرپەرچدانەوەی منداڵەکانیان ببنەوە) .(عويد ، 2017 : 10) یاخیبوون لە رووی ئاینییەوە ، خۆی لە ((زیادکردن یاخود لابردن لەبنەماو دەستوور و پەیرەوییەکانی ئاین یاخود پاشگەزبوونەوە و رەتکردنەوەی دەبینێتەوە)) . ( نورالدين ، 1971 : 449 ) بەڵام یاخیبوونی ئەدەبی کاتێک ڕوودەدات ، کە(( ئەدەب لەفۆرم و ناوەڕۆکدا لەژانەرەکانی ئەدەب هەڵدەگەڕێتەوە و یاخی دەبێت و ئەو فۆرم و ناوەڕۆکە لەرێگەی شێوازوو چوارچێوەیەکی نوێ وە دەردەبڕێت)) . (فتحيه ،رانيه ، 2019 : 9 ). یاخیبوون جیاوازی ئاراستەی بیرکردنەوەیە لەنێوان مرۆڤی نوێ یاخو مۆدێرنە لەگەڵ مرۆڤی ئاسایی یاخود کۆن ، چونکە مرۆڤی ئاسایی نامۆ بوونی خۆی لەناخی خۆیدا دەهێلێت و دەری نابڕێت ، بەڵام ((مرۆڤی مۆدێرن نامۆ بوون بۆ ناخی خۆی بەجێناهێلێت بەڵکو بەو شێوازەی بۆی دەگونجێت دەری دەبڕێت)).(طه ، 2006 : 4 )مرۆڤی یاخی بەتەواوی دژی کۆیلایەتی و ژێردەستیە ، بەڵکو ((مرۆڤێکی ئازادە لەدەربڕینی بیرو باوەڕی خۆی ،جا بیرو باوەڕی سیاسی بێت یان کۆمەلایەتی بیت یان ئاینی یان ئەدەبی بێت ، هەروەهاخۆی بەبەرپرسیاردەزانێت بەرامبەربەخۆی وکەسانی دەورووبەری)).(ڕۆستەم، 2016 : 16 )

### 1–2– 3 – یاخیبوون لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە:

ترس ئەو کارە سەرەکییە کە مرۆڤ بۆرێگری لە نەمان و لەناو چوونی بەرەو یاخیبوون دەبات ،هەروەها هۆکارە بۆ بۆ چەوساندنەوەو ئازاردانی گەلێک و داگیرکردنی نیشتیمانی نەتەوەیەک، پێچەوانەکەشی ئازایەتی و جەربەزەیی و چاونەترسی مرۆڤی لێدەکەوێتەوە ، هۆکاری دروست بوون و هەڵگیرساندنی شۆرش و لەناوبردنی دەسەلات وپێشێلکردنی یاساو دەستوورو ناوەندە تۆقێنەرو سەرکوت کەرەکانە،بەڵام سروشتی مرۆڤواهەڵکەوتووە، هەرچەندەئازادیەکانی لێ زەوت بکرێت و بیرۆکەو دەربڕینەکانی پێشێلبکرێت ،ناتوانرێت بیرو ڕاو ئایدیایی خۆی لێزەوت بکرێت، کاتێک ئەو هەستانەی لادروست دەبێت وفراوان دەبێت ،ئەوکات مرۆڤێکی یاخیبوو بەرهەم دەهێنێت، بۆیە مرۆڤەکان لە پێناو ئەوەی دەیانەوێت بەدەستی بهێنن یاخیدەبن.

بزاوتی یاخیبوون لە بنەرەت دا بزاوتێکی خۆپەرستانەی تاکە کەسێک نیە یان تایبەت بەکەسێکی دیاری کراو نیە. هەروەها ((مەرج نیە تەنیا لای کەسی ستەم لێکراو سەرهەڵبدات، بەڵکو ڕەنگە لەئەنجامی بینینی دیمەنی ستەملێکردن لەکەسانی تر سەرهەڵبدات)). (بەرزنجی، 2020 : 138 ) . بەم شێوەیە یاخیبوون کاریگەری دەروونی لەسەر مرۆڤ وەک تاکێکی کۆمەڵگا بەجێدەهێڵێت، فرۆید پێی وایە سروشتی مرۆڤ وایە کە ملنادات بۆ ئەو داب و نەریتانەی کە کۆمەڵگا دەیسەپێنێت ، ئەرکی کۆمەڵگاش ئەوەیە ئەو پاڵنەرە غەریزەیانە کپ بکاتەوە لەڕێگای گۆڕینەوە.(غازی،عبدالله، 2018 : 12 ). هۆیەکانی سەرهەڵدانی یاخیبوون لەکەسێکەوە بۆکەسێکی تر، یاخود لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە ولەگۆرانی بەردەوامدایە ،هەروەها یاخیبوون لەسەر دەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تردەگۆرێت، بۆیە یاخیبوون کۆمەڵێ هۆکاری هەیە دەبنە هۆی نامۆبوون ،یاخیبوونیش دژایەتی هەر شتی دەکات کەلەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا باوە و بوونی هەیە .( سلوم، 2007 : 13 ). دەکرێت بڵێین هۆکارە دەروونیەکان پاڵنەری زۆر بەهێزن بۆسەرهەڵدانی یاخیبوون لەناو تاکی کۆمەڵگادا ، هەروەها هۆکارە دەروونییەکان هەمەچەشن و هەمە جۆرن بۆیە پاڵنەرە دەروونییەکان لە کەسێکەوە بۆکەسێکی تر یاخود لە سەردەمێکەوە بۆسەردەمێکی تر یان لەکۆمەڵگایەکەوە بۆکۆمەڵگایەکی ترجیاوازە.

### 1 –2– 4 – یاخیبوون لەڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە:

یاخیبوون لە کۆمەڵناسیدا ئاماژەیە بۆ ئەو کردەوانەی یان ئەو هەڵوێستانەی کەدەربڕینیان ڕەتدەکرێتەوە ، یان بەرنگاربوونەوەی دەسەڵاتەکان یاخود سیستەمە کۆمەڵایەتییە باوەکانن . یاخیبوون دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە ،ڕەنگە لەچوارچێوەی جۆراوجۆردا دەربکەوێت ، وەک یاخیبوونی سیاسی ، کەلتووری لەبەها تەقلیدییەکان یان یاخیبوون لە ناو خێزاندا یان لەناو دامەزراوەکاندا . یاخیبوون نەگونجانی مرۆڤەکانە لەگەڵ یاساکانی کۆمەڵگادا کە بەسەر تاک دا سەپێنراوە ، لەدیدی هەندێ لەڕەخنەگراندا بەهۆی نەگەنجان و کەم توانای تاکە ، کە ناتوانن لەگەڵ یاساکانی کۆمەڵگادا خۆی بگونجێنێت ، بۆ راستکردنەوەی ئەو بێ توانایی و نەگونجانە شۆرش دژی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان هەڵدەگیرسێنێت .(الطیب ، 2017 : 28 ).یاخیبوون ڕەنگە کاردانەوە یەک بێت بەرامبەر بەنادادپەروەری کۆمەڵایەتی ، ستەم یان پەراوێزخستن و یان گوزارشت لەخواستی دادپەروەری یان گۆڕانکاری بکات.یاخیبوون ڕووبەڕوو بوونەوەی مرۆڤایەتیە لەگەڵ ئەو کێشانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگا ناتوانن چارەسەری بکەن لەژیاندا هەروەها ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی دەستەوەستانی مرۆڤ،ئەگەر چی

جۆرەکانی جیاواز بن بێ ئومێدی و بێ هیوای لەناو تاکەکانی کۆمەڵگادا درووست دەکەن.(سلوم ، 2007 : 12 ).تێگەیشتن لە یاخیبوون لەڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە ، گرنگە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان تاکەکان و کۆمەڵگا و چۆنێتی گەشەکردنی پێکهاتەکان و وەڵامدانەوەی کۆمەڵایەتی بۆ ئاستەنگ و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان .

## 1-3 – مێژووی یاخیبوون لە ئەدەبیاتی جیهانی دا:

یاخیبوون لەئەدەبیاتی جیهانی دا بابەتێکی سەرەکییە ،کە ڕەنگدانەوەی ململانێی نێوان تاک و ئەو سنووردارکردنەکۆمەڵایەتییەیان سیاسیانەیە،کە لەسەردەمە جیاوازەکان بەسەر کۆمەڵگادا زاڵبوون .

## 1-3 – 1 – یاخیبوون لەسەردەمی گریک دا:

یاخیبوون لەسەردەمی گریک دا تاڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی ململانێی نێوان تاک و ئەو هێزە کۆمەڵایەتی وسیاسیانە بوو، کە لەوسەردەمەدا زاڵبوون بەسەر ژیانی کۆمەڵگادا، لەم قۆناغەدا لەسەدەی هەشتەمی پیش زایین تاسەدەی چوارەمی پیش زایین درێژەی کێشا ، یاخیبوونی فەیلەسوفەکانی گریک هۆکاربوون بۆ پێشکەوتنی گەورە لەبیرکردنەوەو فەلسەفەدا ، کەفەیلەسوف و شاعیران و شانۆ نامەنووسان دیدگاکانیان سەبارەت بەئازادی ودادپەروەری ودەسەڵات دەردەبڕی، زۆرجاریش مامەڵەیان لەگەڵ بابەتەکانی یاخیبوون لەڕژێمە زاڵەکاندا دەکرد. ((فەیلەسوفەکانی گریک سەرەتا وەکو شارەزا لەسروشت دەرکەوتن ، پاشان لێکۆڵینەوەکانیان گۆڕانی بەسەردا هات و سەرنجیان خستەسەر لێکۆڵینەوە لەخودی مرۆڤ و پیشەو کاروباری ڕۆژانەی ، بەمەش سروشتیان پشتگوێ خست و گرنگیان دا بەبابەتی بوون و نەبوون)). ( أسس، 1965 : 97 ). یەکێک لەو کۆمەڵە یاخییانەی یونان ( سۆفستاییەکان ) بوون ، پێش لەدایک بوونی مەسیح لە بواری ئاینیدا ناوبانگیان دەرکردبوو، وتوویانە، کە(سوکرات) فەلسەفەی لەئاسمانەوە هێناوەتە سەرزەوی، هەروەها کەوتنە تێکدانی بتەکۆنەکان، گومانیان خستە ناو ئایدیا ئەخلاقیەکان و پەرەیان بەم گومانەدا ، (سۆفستایەکان) ((بوون هزری مرۆڤیان لەچەق بەستووی شکاندو پەرەیان بە توێژینەوە و بیرکردنەوە دا)).( میهرین، 2009 : 41 ) بەم شێوەیە ئەدەبیاتی یونانی کۆن سەکۆیەک بوو بۆ دەربڕینی یاخیبوون لە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی دادەنرا ، هەروەها باس لەپرسەکانی وەک ئازادی و دادپەروەری و مافی بڕیاردانی تاکەکەس و بەگوێرەی بنەما ئەخلاقیەکانی مرۆڤ دەکرا .

**1-3 – 2 – یاخیبوون لە سەردەمی ڕۆمانی دا :**

یاخیبوون لەسەردەمی ڕۆمانی دابابەتێکە گرنگی خۆی هەیە، ڕەنگدانەوەی ئەوبەرهەڵستیانەی کارەکتەرەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە ،کاتێک ڕووبەڕووی چارەنووس و خوداوەندەکان و سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبنەوە. یاخیبوون لە زۆرێک لە بەرهەمە ئەدەبییە ڕۆمانییەکاندا دەردەکەوێت بەتایبەتی لەشیعروشانۆنامەکاندا، کە لەو سەردەمەدا بڵاوبوونەتەوە.یەکێک لە دیارترین و ناودارترین کردەی یاخیبوون، یاخیبوونی (ئسپارتاکۆس)، کەبەشۆڕشی کۆیلەکان ناسراوە. ((لەسەدەی سێیەمی پێش زایین کاتێ ڕۆمانیەکان هەندێ ناوچەی یونانی نشینیان خستە ژێردەستی خۆیان ،ژمارەیەکی زۆرخەڵکیانوەکوکۆیلەڕەوانەی ئیتالیا کرد، کڕین وفرۆشتنیان پێوەدەکرد،یەکێکلەوکۆیلانە(ئیسپارتاکۆس)بوو)).(پەنا، 2011 : 46 ).((لەساڵی (73) پ.ز، سپارتاکۆس وحەوت کۆیلەی تر جاری شۆرشیاندا، یاخیبوونی(سپارتاکۆس) یاخیبوونی ئەو کۆیلانەبوو ، کە بۆ زۆرانبازی بەکاردەهێنران ، دەبوایە لەکاتی زۆرانبازی دا ،یان بکوژن ،یان بکوژرێن ، یان لەناو بچن ، ئەمەش بۆ کات بەسەربردنی ئەوکاتەی دەسەڵات دارەکانی ڕۆمانی بوو ، ئەم شۆڕشە لە حەوت کەسەوە بوو بە حەفتاکەس ، پاشان بووبە سوپایەکی حەفتا هەزار کەسی ، ئەم لەشکرە توانی سوپای گەورەی ڕۆمانی تێک بشکێنێ و بچێتە ناو زۆربەی شارەکانی ئیتالیاوە ، لەگرنگترین دەسکەوتەکانی ئەم یاخیبوونە ،ئەوە بوو کۆیلایەتی ڕەتدەکردەوە و داوای مافی یەکسانی بۆ کۆیلەکان دەکرد لەگەڵ ئاغاکانیان دا)). (کامۆ، 2012 : 17).

**1-3 – 3 – یاخیبوون لە سەردەمی ئیسلام دا :**

یاخیبوون لەسەردەمی ئیسلام دا ئاماژەیە بۆ ئەو بزووتنەوانەی کە تاکەکان ، یان گروپەکان لەدژی دەسەلات دارانی ئەو سەردەمە ئەنجامیان داوە ، جا ناکۆکی ناوخۆی موسڵمالنان بێت ،یان نارەزایەتی بەرامبەر دەسەڵاتداران یان سیستەمی بەڕێوەبردن . لەدوای کۆچی دوای پێغەمبەر (د.خ) ، چەندین ڕەوتی هزری وئاینی و فەلسەفی جیاواز لەمێژووی ئیسلامدا سەریان هەڵداوە ، ئەمەش وایکردووە ، چەندین مەزهەب و گروپ و ڕەوتی جیاواز سەری هەڵبدات ، لەوانەش (سوونە ، شیعە ، عەلەوی زەیدییە ، حەشەوییە ،ئەهلی حەق ، خەواریج و موعتەزیلە ) ئەمانەو چەندین ڕەوتی جیاوازی تر ، لێرەدا تیشک دەخینە سەر دوودیارترین لەو گروپانە ئەوانیش ( خەواریج و موعتەزیلە ).**خەواریج :** ((ئەو زاراوەیە بوو کە بۆ زۆربەی ئەو گروپ و دەستانە بەکاردەهێنرا ، کە دژی دەسەڵاتی خەلیفەکان ، کە خۆیان بەجێنشینی پێغەمبەر (د.خ) دەزانی ، یان دژی دەسەڵات دەوستانەوە ، بەکارهاتووە)).(العفنی ، 1999: 348

).**موعتەزیلە :** گرووپێک بوون دیدگاو فکری نوێیان بڵاودەکردەوە ، ئەم گرووپە لە خەواریجەکان و گرووپەکانی تر جیاوازی بوون ( موعتەزیلە ) گرووپێکی هزری ژێری یاخیبوون لەگواستنەوە ڕاستەوخۆ لە دەقەکانی قورئان ، ئەم گرووپە لەسەردەمی حەسەنی بەصری دا لەسەرتای سەدەی (2) کۆچی دا سەری هەڵداوە ، ئەویش لەسەر( ئەوکەسانەی تاوانە گەورەکان ) ئەنجام دەدەن ، ((چونکە لاینگرانی ئەم گرووپە پێیان وابوو ئەو کەسەی تاوانی گەورە ئەنجام دەدەن نەموسڵمانن و نەکافرن)) ، واتا لەو نێوەندەدا دەمێننەوە . ( أبو زهره ،2009 : 139)

## 4–1 – هۆکارەکانی یاخیبوون :

یاخیبوون جۆرێکە لە بەرخودان یان بەرهەڵستی دژی ئەو بارودۆخەی هەبووە. یاخیبوون کاتێک ڕوودەدات کە تاکەکان لەکۆمەڵگادا هەست بەناڕازیبوون بکەن، لەو دۆخەی ئەو سەردەمە ،یان ڕووبەڕووی ستەم، یان نادادپەروەری دەبنەوە. بۆزیاتر بەرچاو ڕوونی تیشک دەخینە سەر سەرەکی ترین هۆکارەکانی یاخیبوون.

### 4–1 – 1 – هۆکاری کۆمەڵایەتی :

هۆکاری کۆمەڵایەتی یاخیبوون پەیوەندی بەنا دادپەروەری کۆمەڵایەتی و نایەکسانی نێوان گرووپە جیاوازەکانی ناو گۆمەڵگا هەیە . هەربۆیە ئەرکی هەموو تاکێکی هۆشیارو ڕۆشنبیرە بەرهەڵستی ئەم بارووودۆخە بکات ، کە لەکۆمەڵگادا هەیە .چونکە (تاکو کۆمەڵگا ملکەچی کۆمەڵی داب ونەریتی کۆمەڵایەتی بێت ئەوا ئەو کۆمەڵگایە پەرتەوازە دەبێت ، چونکە ((ئەو کۆمەڵگایانەی ملکەچی هەندی داب ونەریت و بیرو باوەڕی کۆنن ، لەڕیزی پێشکەوتنی شارستانەیەت بەجێماون،بۆیە کاتی تاکەکانی کۆمەڵگا نەتوانن بەئازادی گوزارشت لەخۆیان بکەن ئەوا ئەوکۆمەڵگایە سەرکوت کراوە)).(سالح ، 2001 : 90 ).

### 4–1 – 2 – هۆکاری دەروونی :

یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکان بۆ یاخیبوون هۆکاری دەروونییە. یاخیبوون لەڕووی دەروونییەوە بەهۆی چەندین هۆکارەوە دەبێت، وەکو دەست وەردان لەئەزموونی تاک لەڕووی دەروونییەوە . یاخیبوون لەڕووی دەروونییەوە بەکاردانەوە لەبەرامبەر فشاری دەروونی ، یان سۆزداریدا هەژماربکرێت، یان دەکرێت دەرئەنجامی کۆمەڵی هۆکاری دەروونی بێت، کە کاریگەرییان لەسەر تاک هەیە ، وای لێدەکات گوێڕایەڵی بۆ فەرمانەکان نەبێت. ((یاخیبوون پەیوەندی بەقۆناغێکی دیاری کراوی

تەمەنی مرۆڤەوە نیە، بۆیە دەکرێت یاخیبوون لە قۆناغی منداڵی یان مێردمنداڵی یاخود قۆناغی هەرزەکاری و کاتێ هۆش کامڵ دەبێت ڕوبدات)). (قەرەچەتانی، 2004 : 86)

**1-4 – 3 – هۆکاری ئایینی :**

یاخیبوون دەکرێت ڕەگ و ڕیشەی ئاینی هەبێت ، کاتێک تاک لە کۆمەڵگادا تووشی ستەم یان نادادپەروەری دەبنەوە بەناوی ئایین یان باوەڕە ئاینییەکانیانەوە پەراوێز دەخرێن.لەزۆر کاتدا ئایین هۆکارێکی پاڵنەرە بۆ یاخیبوون کاتێک مرۆڤەکان بیروباوەڕ یان ڕێوڕەسمەکانیان وەکو هەڕەشە لەلایەن سیستەمی سیاسی،یان کۆمەڵایەتی دەبینرێت،تێگەیشتنی ئایینی بۆ دادپەروەری هەندێک جاربۆیاخیبوون پاڵنەر دەبێت، بەو پێیەی یاخیبووان پێیان وایە کودەتا یان بەرخودان ئەرکێکی ئاینییە بۆ گەیشتن بەدادپەروەری ویەکسانی،هەندێکیش پێیان وایە (ئایین بریتییە لە هەندێ ڕەمزو ئاماژەو ترس پەیوەندی توندو تۆڵیان بە داب و نەریتەوە هەیە، کە لەلایەن باوەڕدارانەوە پەیڕەو دەکرێت ). ( ستونس، 1379 : 496 ). یەکێکی تر لەهۆکارەکانی یاخیبوونی ئاینی (فتوا ئایینیەکان بوو بۆ یەکلاکردنەوەی دەسەڵاتی خلیفە وجێنشینەکانیان ،چونکە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینی لەلابردن و دوورخستەنەوی هەندیک لە دەسەڵات و دانانێکی هەندێکی تر، ئەمەش نارازیبوون یاخیبوونی ئایینی لایەنی ستەم لێکراوی لێدەکەوتەوە). (خلف،2024: 791)

**2 – یاخیبوون لە شیعرەکانی (عەبدوڵڵا پەشێو)دا :**

**2 – 1 – یاخیبوون لە دەسەڵاتی سیاسی :**

یاخیبوون لە دەسەڵاتی سیاسی دیاردەیەکە کاتێ ڕوودەدات ، کە تاکەکانی کۆمەڵگا هەنگاوێکی کردەیی بۆ ڕاپەڕین دژی سیستەمی حوکمڕانی ، یان دەسەڵاتی دەسەڵات داران بنێن ، بەئامانجی گۆڕینی سیستەمی سیاسی ، یاخود یاخیبوون لەبڕیارو ئەوسیستەمەی ، کە بەناڕەوا یان ناشەرعی دادەنرێت .( (ئەو مرۆڤانەی یاخی بوون بەهەموو جۆری دەسەڵاتی سیاسی بەهەموو شێوەکانی ڕەتدەکەنەوە ، بەدەسەڵات دەڵێن نەخێر ، زۆر دڵنیاییە لەسەر ئەوەی کە ڕاستە ، مافیشی هەیە ، بەڵام پێشێلدەکرێت هەندێ لەیاخیبووان ملکەچی ئەوان نابن کەخاوەن دەسەڵاتن)). ( عساف ، 2020 : 244 ) (عەبدوڵڵا پەشێو) یەکێک لە و شاعیرانەی نەتەوەکەمان وەکو زۆربەی شاعیرانی تر لە ناو ئێش و ئازارەکانی گەلەکەیدا ژیاوە ، هەموو ئەو ڕووداو و کارەساتانەی بەسەر کوردستان و خەڵکەکەی دا هاتووە کاریان لە شاعیر کردووە ،چونکە شاعیر لەو سەردەمەدا لەکوردستان ژیاوە ، کاریگەری ئەو ڕووداوانە بەڕوونی

بەشیعرەکانییەوە دیارە، ،(پەشێو)ئەویندارى نەتەوەو نیشتیمان و خەڵکەکەیەتی ، لەگەڵ ئەوەشدا شاعیرێکی لاسارو تووڕەیە بەرامبەر ئەو دەسەڵاتە سیاسی ڕژێمی بەعس ، یاخیبوونی خۆی ڕادەگەیەنێت و بێ دەنگ نابێت لەئاست ئەو هەموو ڕووداوانەی وەکو جینۆساید، بەعەرەب کردن ، ڕاگواستن ، کیمیاباران ، ئەنفال و کوشتنی هەزاران گەنج و لاوی کورد ، هەڵوێستی شاعیر بەڕوونی لەشیعرەکانیدا دەردەکەوێت، (پەشێو) لەدژی سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعس و (تەعریب) کردنی خاکی کوردستان لەلایەن ئەو ڕژێمە ستەم کارەوە هەڵوێست وەردەگرێت و لەشیعری (تەعریب)دا دەڵێت :

لەئاسمانەوە نەهاتووم،
من میوان نیم.
من میوانی سێبەرقورسی کوردستان نیم.
بەر لە مێژوو
کانییەک بووم، لێرە دەربووم.
بەر لەمێژوو
ئاگرێک بووم لێرە هەڵبووم.
بارکەن، بڕۆن!
کانیاوەکان، جگە لە من،
کەسێکی دی تێرئاو ناکەن.
دار گوێزەکان جگە لەمن،
بۆ هیچ کەسێک
سیبەری خۆیان هەڵناخەن ! (پەشێو،2014 : 272-273)

(پەشێو) لەم شیعردا دژی دەسەڵاتی زۆرداری بەعس یاخیبوونی خۆی دەردەبڕیت ،کە دەیەوێت خاکی کوردستان داگیربکات بەتایبەتی (کەرکوک) لەجیاتی دانیشتوانە ڕەسەنەکی عەرەبی هەوردە لەجێگاکەیان نیشتە جێبکات .(پەشێو)هەڵوێست وەردەگرێ و دەڵێت ئێمە خەڵکی رەسەنی ئەم نیشتیمانەین و لەپێش مێژووەوە لێرەبووین باوبابیرانمان لێرە لەدایک بوون سروشت و دار و درەختی ئەم نیشتیمانە بە ئێوە نامۆیەو لەگەڵ ئێوە هەڵناکات ، بۆیە داوایان لیدەکا ئێرە جێبهێڵن بڕۆن،پاشان (پەشێو) لەتاو ئازارو نەهامەتییەکانی گەلی کورد ،لەئەنجامی ئەو هەموو کارەساتەو تراژیدیایەی بەسەر گەلەکەی دا هاتووە و بی دەنگی جیهان لەشیعری (فوتبۆڵ) دا لەکۆمەڵگای نێو دەولەتی یاخیبوونی سیاسی خۆی دەردەبڕێ و دەڵێت:

ئاژانسەکانی دەنگوباس ڕایانگەیاند:

یارییەکی فوتبۆڵ دەکرێ .
دوو تیپەکە کرێمل و کۆشکی سپی .
پۆپ سەری کورد.
گۆڵ کوردستان .
تەماشاکەر– دنیای کرێ وەک گۆڕستان ! (پەشێو،2014: 338)

(پەشێو) لەم شیعرەدا یاخیبوونی خۆی بەرامبەر کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی دەردەبڕێ ، کە ئەو کاتە لەیەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا پێکهاتبوو ، چۆن لەئاست ئەو هەموو زوڵم ستەمی دژبەگەلی کورد ئەکرێت خۆیان بێ دەنگ کردووە ، چۆن بۆ بەرژەوەندی خۆیان کوردستانیان کردووە بەیاریگا و کەلەسەری کوردیان کرددوە بەتۆپ و چارەنووسی ئەم گەلە ستم دیدەییەیان کردووە بەگۆڵ لە ئاست ئەو کۆمەڵ کوژیانە دەرهەق بەگەلی کورد دەکرێت ، وەکو گۆرستان خۆیان بێدەنگ کردووە.

## 2 – 2 – یاخیبوونی کۆمەڵایەتی :

یاخیبوونی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکە کاتێک ڕوودەدات، کەتاکەکانی کۆمەڵگا یەکبگرن لەدژی سیستەمە کۆمەڵایەتییە باوەکان، کە هەست دەکەن ستەمکارانە ، یان نادادپەروەرانەن.یاخیبوون کۆمەڵایەتی( هەستکردنی تاکەکانی کۆمەڵگایە،کە ناتوانن بگەن بەئامانجە بنەڕەتییەکانی ژیان و ئەو هۆکارانە دەبنە هۆی بێ توانایی تاک،ئەمەش دەبنە هۆی یاخیبوون لەکێشەکانی کۆمەڵگا).(الطیب، 2017 : 28 ). کاتێک باس لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی بەگشتی و کۆمەڵگای کوردەواری بەتایبەتی، ژن و کێشەو ئاراَیشەکانی تەوەری سەرەکی شیعری یاخیبوونی کۆمەڵایەتیە ،بەتایبەت ((شەرەف ئەو کۆت و بەندەی کە لە مێژە ئازادییەکانیژنی کوردی دیل کردووە،قفڵ لێدانی جەستەی ژن بکۆدی شەرف وایکردووە ژنی ڕۆژهەڵاتی وکوردبەتایبەتی جەستەیکی داخراوی هەبێت ،بەڕووی هەمووئازادییەکی ئاسایی وجولەو ئەرکی ئاسایی ڕۆژانە)). (عارف،2025: 641) چونکە ژنان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا جارێک قوربانی کورد بوون و جارێک قوربانی ژن بونیان داوە، ئەمەش بۆ شاعیران جێگای هەڵوێست و تێرامان بووە، ئەگەر هەندێ لەشاعیران بۆ جوانی ژن شیعریان نووسیبێت ئەوا لەم کۆمەڵگای پیاو سالاریەدا ئەوا ژنان بەهۆی پێشێلکردنی مافەکانیان و گیرۆدەبونیان بەهۆی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە و ئاستی رۆشنبیری و کەلتوری و ئایینی کۆمەڵگا ، لەگەڵ جوانی ژن کێشەو گرفتەکان ژن تەوەری سەرەکی شیعرەکانی (پەشێو)ن، لەشیعری (ژن سالاری )دا دژی کۆمەڵگای پیاو سالاری یاخیبوونی خۆی دەردەبڕێ و دەڵێت:

کێ هێندەی من شێتی ژنە ؟

کێ دەتوانێ،
هەموو عومر،
هەموو عومر...ئاوا... وەک من...
بۆدنیای کەڕ سرتە ڕاوکا،
بۆشەوەزەنگ خۆی بکاتە تریفەچن! (پەشێو،2019 :89)

(پەشێو) لەم شیعرەدا هەرلەناونیشانی شیعرەکەوە لەکۆمەڵکای پیاو سالاری یاخیبوونی خۆی ڕاگەیاندووەی کە هۆکاری زوڵم ستەم و پێشێلکردنی مافەکانی ژنانن، (پەشێو) لەم کۆمەڵکا کەڕو بێدەنگەی دژبەمافەکانی ژنان و چەوساندنەوەو سەتم لێکردن لەژنان بە هۆکاری جیاوازی کۆمەڵایەتی کەس لەخۆی زیاتر بەفریاد ڕەسو خەمخۆری مافەکانی ژنان نازانێ، هەروها (پەشێو) لەدژی دواکەوتووی گۆمۆمەڵگای کوردەواری، کەبەهۆی داب ونەریتەوە ڕێگا لەخۆشەویستی ژنان دەگرن و بەبیانوی ناموس وپاککردنەوەی شەرەفی خێڵ وعەشیرەت چەندین کچ و ئافرەت دەکوژرێت، یاخیبوونی خۆی دەردەبڕێ و لەشیعری (لێت نەگەوڕێ)دادەڵێت:

نهێنی خۆم
تائێستا بە کەس نەگوتوە،
بەتۆی دەڵێم:
من چیایم،
خەڵکی شاری (ئەستی)کوژەم،
هەموو ڕۆژێ
خوێنی (زین)ێک لەخەنجەرم دادەچۆڕێ.
گەر دێیتە لام وریای خۆت بە ،
خۆشت نەوێم ، لێت نەگۆڕێ! (پەشێو،2014 :328)

(پەشێو) لەکۆمەڵگای کوردەواری یاخی دەبێت ، بەگۆمەڵگایەکی دواکەوت و ناوزەندی دەکات کەوابەستەی داب و نەریتی سواوە و ، ئەمەش لە مێژەوە بۆی ماوەتەوە و هێشتاش بەهۆی خۆشەویستی وپاک کردنەوەی ناموسی پیاو خێڵ و عەشیرەتەوە ژنان دەکوژن، داوا لەژنان وکچان دەکات پیاوانی ئەم کۆمەڵگایەیان خۆشنەوێ ، چونکە (زین)کوژو(ئەسێ)کوژن ئەسێ کچێکی کوندەکانی دەورووبەری هەولێرە دوائەوەی لەگەڵ ئەویندارەکەی هەڵدێ و کەس داڵدەیان نادان بەبیانوی پاک کردنەوەی نامووسی عەشیرەتەکەی لەلایەن باوکی ئاغاکەیەکە کوژرا.

## 2 – 3 – یاخیبوونی ئایینی :

یاخیبوونی ئایینی ئاماژەیە بۆ یاخیبوونی تاکەکانی کۆمەڵگا ، یان گروپەکان لەدەسەڵاتی ئایینی، یان چەمک و بەها ئاینییە دانپێدانراوەکان، هەروەها ناڕەزایەتی دەردەبڕن بەرامبەر بەڵێکدانەوە، یان پراکتیزە باوەکانی ناو ئاینێک. یاخیبوونی ئایینی لای تاکەکانی کۆمەڵگا ڕەتکردنەوەی تەواوی بنەماکانی ئایین نییە، بەڵکو هەڵچوونێکی دەروونی کاتییە، لەئاکامی ڕوونکردنەوەی هەندێ لە ڕووداو و لایەنەکانی ژیان. یاخیبوونی ئایینی ( دەرچوون و پابەندنەبوونی تاک و گروپەکانی کۆمەڵگایە بۆ ئەو بنەماو ئایینیانەی ئەو کۆمەڵگاییەی کە تێیدا دەژین ). ( بلوم، 2019 : 12 ). یاخیبوونی ئایینی لەشیعرەکانی (پەشێو)دا ڕەتکردنەوەی سەراپای چەمکە ئایینیەکان یاخود کوتارە ئایینیەکان نییە، زۆر جار هاوارو ناڕەزایەتییە لەئاست بێ دەنگی ئاین و خودا بەرامبەر ئەو ڕووداو کارەساتانەییە بەسەر شاعیر وگەلەکەیدا هاتووە، ئەمەش لەشێوەی پرسیار یاخود گفتوگۆ یاخود گلەیی و گازندە، بۆئەم مەبەستە (پەشێو) لەشیعری (بۆقەرەجێک)دا دەڵێت:

ئاسمانی تۆ بەرپێی خۆتە!
سەرت شۆڕ کە،
ملت کەچ کە،
چاو مەگێڕە،
بۆ ئاسمان و ئەستێرە و خوا-
ئەوەی بستێک خاکی نەبێ،
خوا و ئەستێرە و ئاسمانی کوا؟! (پەشێو،2014 :16)

(پەشێو)لەم شیعرەدا یاخیبوونی ئایینی خۆی دەردەبڕێت بەهۆی نالەباری و ناهەمواری گەلەکەیەوە ،کە بەهۆی بێ نیشتیمانیەوە پێوە دەناڵێنێت ، بەهۆی نەبوونی پشتیوانێکەوە لەشێوەی گازندە ئامێز لەخودا و ئەستێرە و ئاسمان یاخی دەبێت و خۆی بەقەرەجێک دەچوێنێت چوونکە ئەویش وەک شاعیر بێ نیشتیمانن بۆیە شاعیر یاخیبوونی دەگاتە لووتکەو دەڵێت هەرکەسێک وەک من نیشتیمانی نەبێت خوداو ئاسمان ئەستێرەی نیە. پاشان (پەشێو) بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە گەلی کوردی پێدا تێپەڕیووە ، کە هەمیشە بەشی داگیرکاری ماڵ وێرانی ستەم و زلم لێکردن بووە بۆ بێدەنگی خوای گەورە لەئاست ئەو هەموو نەهامەتییەو ئازارو ئەشکەنجەییەی گەلەکەی ( پەشێو) یاخیبوونی خۆی لەشیعری (لەرووخساری شیعرگەڕێن) دا دەڵێت:

لە خەودا هاوارم کرد: خەونە، مەڕۆ!

لە خەونیشدا خوا نەهاتە هاواری کورد!

کاتێ هەستم ،چ ببینم؟ تەڕاتێنە!

تەڕاتێنی گۆڕهەڵکەنە و کەمتیاری کورد!

نەکرمم بچمە ژێر زەوی ،

نە باڵدارم بچمە ئاسمان ،

ئەدی چبکەم کردگاری کورد؟ (پەشێو،2014: 477)

(پەشێو) لەم شیعرەدا یاخیبوونی ئایینی وابەستەی ئەو دۆخە سیاسیە نالەبارەیە ، کە بەسەر میللەتی کوردا هاتووە . کە گیرۆدەی زوڵم ستەمی دوژمنان و ژێردەستەی داگیر کەرانە(پەشێو) گلەی لەخودا دەکات ، کە نەهاتۆتە بەهانی گەلی کورد و نەوک دروستکراوەکانی تری خودا نەباڵی پێداوە بفرێت نەوەکو کرم نیتوانیەوە بچێتە ژێرزەوی، داگیرکەرو دوژمنانی کورد ئەوهەموو ستەم زوڵم ونادادییەیان بەرامبەر کورد کرد کەچی خودا بۆ مافی کورد نەهاتەگۆ.

## 2 – 4 – یاخیبوون لە نیشتیمان:

یاخیبوون لە نیشتیمان دیاردەیەکی ئاڵۆزە، بریتییە لە هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بەدەسەلاتی دەسەلات داران، یان ئەو سیستەمە سیاسیەیی ،کە لە وڵاتێکی دیاریکراودا پەیرەودەکرێت. یاخیبوون لەنیشتیمان بەهۆی چەند هۆکارێکەوە ڕوودەدات ، وەک هەستکردن بەنادادپەروەری کۆمەڵایەتی، هەژاری ، چەوساندنەوەی سیاسی، یان جیاکاری نەتەوەی، یاخود ئایینی. (لەگەڵ ئەوەی نیشتیمان بوون و ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگان، شوێنی قۆناغە جوانەکانی ژیانی مرۆڤە، بەتایبەت بیرەوەری و یادگاری منداڵی، هەروەها جێگای باو باپیران و سەنگەرو خەباتە دژی نەیارانی نیشتیمان، لەگەڵ ئەم هەموو تاڵی وشرینییەی نیشتیمان زۆرجار مرۆڤ یاخی دەبێت و نیشتیمانەکەی بەجێ دەهێڵێ و وڵاتێکی تر دەکات بە نیشتیمانی خۆی، یاخود بەهۆی خراپی دەسەلات داران و نادادپەروەری ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە دەیان جار ئاواتی لەناوچوونی نیشتیمانەکەی دەخوازێت ). ( نوورەدین، 2022 : 173 ) .(پەشێو) لەگەڵ ئەوەی ئەویناداری نیشتیمان و گەلەکەیەتی ، بەڵام زوڵم ستەمی دەسەلات دارانی نیشتیمان و گەندەڵی و نالەباری گوزەرانی گەلەکەی و چاوچنۆکی سەرمایەداران وێنەکانی نیشتیمان لە پێشچاوی شاعیر دەشێوێنێت. کاتێک (پەشێو) نەدەتوانێ لەگەڵ نیشتیماندا هەڵکاو نەدەتوانێ بەجێی بەهێڵێ،یاخیبوونی خۆی لەشیعری (شەونوێژی نامۆیان) دەخاتەڕوو ودەڵێت:

نیشتیمانم !

تۆ وەک تانەی لەسەر چاوم .

تۆ وەک تەمی ،

لە گشت لاوە دەورت داوم .

تۆ ئاوێنەی –

لەناو تۆدا

هەموو دنیا بەدی دەکەم

تۆ تیمانی –

بەهۆی تۆوە هیچ نابینم :

نە کەل دەبینم ، نە زەوی .

نەخوا دەبینم نەئاسمان . (پەشێو،2014 :495-496)

(پەشێو) لەم شیعرەدا یاخیبوون لەنیشتیمان دەردەبڕێت ، بەهۆی ئەو هەموو ئازارو ستەم نالەباری ژیان ڕووبەڕووی بووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نیشتیمان بووەتە تانە ناتوانێت لێی بێتەوە یاخو بەجێی بهێڵێت، چونکە نیشتیمانە ئاوێنەی شاعیرە و هەمووجێهان لەوەوە دەبینێت، ئەم ئەوینەی نیشتیمان وای کردووە جگە لەو نەزەوی و نەئاسمان نەخودا ببینیت، هەروەها کاتێک (بەشێو)لەنیشتیمان دا هەست بەئارامی وئاسوودەی ناکات ئیتر جیاوازی لەنێوان نیشتیمان و بەندینخانە نابینێت ،لەنیشتیمان یاخی دەبێت و لە شیعری (بەندینخانە)دا دەڵێت:

لە پڕێکا

دامڕوانی و تۆم بەدی کرد...

شاگەشکە بووم!

هەر وام زانی دوڕگەیەکی بچکۆلانەی ،

بۆ ئارامی و فەرامۆشیم داڵدەو لانەی ،

کە نیشتمەوە تێگەیشتم :

تۆ داڵدە نیت،

شیرنترین بەندینخانەی ! (پەشێو،2014 :344)

(پەشێو) لەم شیعرەدا یاخیبوونی خۆی لە نیشتیمان دەخاتە ڕوو، چونکە نیشتیمان لەتێڕوانینی (شاعیر)دا لانکەی ئارامی و یەکسانی دادپەروەری و ئازادی ڕادەربڕینە ، هەروەها بەناگەیەکە بۆ ڕزگار بوون لە نەهامەتییەکانی ژیان ، بەڵام کاتێک ئەم تێڕوانیینە لای (شاعیر) پێچەوانە دەبێتەوە لە نیشتیمان یاخی دەبێت و لێی دەبێت بەزیندان.

## 2 – 5 – یاخیبوون لە خود (یاخیبوونی خودی):

یاخیبوون لەخود ، چەمکێکە ئاماژەیە بۆ بەرهەڵستی کردن ، یان بەرهەڵستی کردنی نەریت و بەها بۆماوەییەکان ، یان سنووردارکردنی کۆمەڵایەتی کەلەلایەن نەخشە کەلتووری و سیاسیەکانەوە سەپێنراوە. یاخیبوون لە خود دەتوانێت لەوەرگرتنی هەڵوێستی ناتەقلیدیدا بەرجەستە بکرێت، یان پەیڕەو کردنی ڕێبازە کەسییەکان، کە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگا یان ژینگەی دەورووبەرە. ( مرۆڤ کاتێ لە خودی خۆی یاخی دەبێت، یەکەم بەریەککەوتنی لەگەڵ خۆی دا دەبێت و دەکەوێتە هەڵوەشاندنەوەی خۆی ، چونکە مرۆڤی یاخی لەخودی خۆی هەوڵدەدات ئەوەی کە پێویستە هەبێ، نەک ئەوەی هەیە، مرۆڤ کاتێ لەخۆی یاخی دەبێت هەوڵدەدات زاڵبێت بەسەر خۆی و ئیرادەی خۆی بەدەست بێنێ و لەلایەنی دەرەکی ڕزگاری بێت ) . ( گوڵی، 2008 : 32 )، تەوەرەکانی نامۆبوون و بەرهەڵستی کردن و نارازیبوون و خەم و ئازارەکانی کۆمەڵگاو ڕووداوو کارەساتە نەخوازراوەکان کەبەسەر میللەتی کوردا هاتوون هۆکاری یاخیبوونی خودین لەشیعری شاعیرانی کورد بەگشتی و (پەشێو) بەتایبەتی وەکو خەمخۆری گەڵ ونیشتیمان هەمیشە ئازارەکانی گەلەکەی تووشی بارێکی دەروونی کردووەو لەشیعری (گەشبینی) یاخیبوونی خودی دەردەبڕێت ودەڵێت:

بۆ باران هەیە ، گەر جارێک
لەنیوەی ڕێ تەڕم نەکا؟
بۆ بەفر هەیە گەرجارێک
تێی نەکەوم و سڕم نەکا؟
قوڵیی ئەڤین چۆن بپێوم،
گەر ئازیزێک
جارێک دەستبەردارم نەبێ؟
ژیان بەچی بەراورد کەم ،
ئەگەر مردن
نێزیکی کەنارم نەبێ! (پەشێو،2014 :117-118)

(پەشێو) لەم شیعرەدا هەڵوێستی نامۆبوون و یاخیبوونی خودی دەردەبڕێت بەرامبەر بەگەشبینی، دوو تابلۆی هونەریمان نامۆبوونمان پیشان دەدات یەکەم تابلۆی ژیانی کوردە هەرچی کێشەو نەهامەتییەکانی جیهان هەیە بڕۆکەی گەلەکەی نەگرتبێت هەمیشە ڕووبەڕووی زولم ستەم داگیر کاری بووەتەوە ، هەمیشە بێ پشت و پەناماوەتەوە، تابلۆی دووەم نامۆی و بێ ئومێدی باڵی بەسەر ژیانی شاعیردا کێشاوە

بووەتە هۆی بارودۆخێکی نائارام بۆ شاعیر، خۆی عاشقێکی تاک لایەن دەچوێنێ بێ ئومێد دەبێت لە دابڕان، بەهۆی نزیک بوونەوەی لەمردن ناتوانێت ژیان بەهیچ شتێ بەراورد بکان ئەم دۆخە نامۆ بوونە (شاعیر) توشی یاخیبوونی خودی کردووە. کیشە ناوخۆی گەلەکەی و شەڕی براگوژی (پەشێو) تووشی ئاڵۆزی دەروونی دەکات و لەشیعری (چما من چۆڕە خوێنە...) یاخیبوونی خودی دەردەبڕێت و دەڵێت :

لەبەر ئاوێنە سەیری خۆم دەکەم :
چ دەعبایەکی سەیرو سەمەرەم !
پەرکەم دە مگرێ
کاتێ دەبینم یەکتر ڕاو دەنێن
ئەندامەکانی جەستەی سەراپا وێران و نغرۆم.
هێلنجم دێتێ
کە چاو دەبڕمە گلۆلەکرمی
زارەکی برینی گیان و جەستەی خۆم. (پەشێو،2014 :4988-499)

(پەشێو) لەم شیعردە دووبەرەکی براکوژی و ڕاوەدوونانی یەکتری میللەتەکی وای لێکردووە لەخودی خۆی یاخی بێت و بەشتێکی نامۆ و سەیر خۆی ببینێت، ئەم دۆخە نالەبارەی گولێ کورد (شاعیری تووشی ئاڵۆزی دەروونی کردووەو پەرکەم دەیگرێت کەیەکتر ڕاودەنێن وئەندامەکانی جەستەی سەراپا وێران بووە.

### 2 – 6 – یاخیبوونی شیعری :

یاخیبوون لەشیعردا گوزارشتە لە حاڵەتی ڕەتکردنەوە و بەرهەڵستی واقیع ، یان بەها باوەکان ، جا کۆمەلایەتی، سیاسی یان کەلتووری بێت. ئەو شاعیرانەی مەیلیان بۆ یاخیبوون هەیە، لەڕێگای زمانێکی شیعرییەوە نەریت دەشکێنن و بەدوای فۆرمی نوێ دا دەگەڕێن بۆئەوەی هەستەکانیان دەربڕن،لەدیارترین دەرکەوتەکانی یاخیبوون لەشیعردا بەکارهێنانی تەکنیکە جوانکارییە نوێیەکان، وەک بچڕانی مەبەست لە کێش قافیە و ڕیتم، یان بەکارهێنانی وێنەی شیعری داهێنەرانە. زمانی شیعری لەڕێگای دروستکردنی وێنەکاندا لەچوار چێوەی پێکهێنان و ئاسۆی پڕ مەبەستی شیعری ئەنجام دەدرێت، چونکە سروشتی دروستکردنی دەق لادانە لەیاسا زمانەوانییەکان. (( شیعر بۆ ئەوەی شوێنی خۆی لەدڵی خوێنەردا بکاتەوە و کاریگەری خۆی بچەسپێنێ ، دەبێت هەندێ ئاواز و ڕیتم و وەزن و قافییە نائاسایی یاخود ناباو بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی گرووە تینێک بدات بەدەقەکە )). ( کریم ، 2024 : 196 )،یەکێک لەو بابەتانەی یاخیبوونی شیعری لەشیعرەکانی (پەشێو)دا بەدی دەکرێت ویاخیبوونە

لەزمانی شیعری کون و بەکارهێنانی زمانی سادەی خەڵک و کوردی پەتی ، ئەمەش بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کە (شاعیر) هەڵقولاوی ناو گەلەکەیەتی، هەروەها وشەی سادەی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی زۆرترین کەس لەشیعرەکانی تێبگات . ئەوەتا لەشیعری (بۆ چیاییە دوورەکان) دەڵێت:

ئەی چیاییە دوورەکان !
چۆن ئاگر کەسێک بگرێ،
منتان گرتووە وەک ئاگر–
هەرچەندە بە  تاوتر هەڵێم،
هەرچەندە دوورتر کەومەوە ،
دەبینم بڵندترن،
گەورەترن نێزیکترن! (پەشێو،2014 406)

(پەشێو) لەم شیعرەدا لە زمانی ئەدەبی کۆنی شیعری یاخیبوونی شیعری دەخاتە ڕوو وزمانێکی

سادەو ساکاری بەکارهێناوە، چونکەویشتوویەتی پەیامەکەی بەڕوونی بگەیەنێت، لەووشەسادانەی وەک (بەتاو،دوور، ئاگر،بڵند،گەورە،نێزیک) بەدانانیان لە شوێنی شیاوی خۆیان و ڕێکخستنیان بەشێوەیەکی هونەری تابلۆیەکی هونەری قەشەنگ و مانایەکی بەهێزی بەشیعرەکە بەخشیوە . هەروەها (پەشێو) چەند وشەیەکی سامانی کەلتووری و پشتگوێخراوی وەرگرتووە لە بەرگێکی ناوازەدا گیانێکی نوێی پێبەخشیون لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناوە بۆ ئەم مەبەستە لەشیعری (ئەگەر ئەمجارە بێمەوە)دا دەڵێت:

ئەگەر ئەمجارە بێمەوە
بەیانییان
وەک بەرخۆلەیەکی ساوا
لە ناو قەرسیلی پاراو
تل دەخۆم و گیایێکی تفت تێرتێر دەجووم
تا کفت دەبم
پێ و بەلەکەم
لە شەونمی سارد هەڵدەسووم. ( پەشێو،2014 :356 )

(پەشێو) لەم شیعرەدا لە زمانی کۆنی شیعری یاخیبوونی خۆی دەردەبڕێت، ئەم وشە میللیانەی لەسامانی کەلتووری وەکو(قەرسیل، بەلەک، کفت،تفت، بەرخۆلە،

ساوا...)لەشیعرەکەدا بەکارهێناوە. زمانی (پەشێو)زمانێکی تایبەتی ئامادەکراو نییە،بەڵکو هەڵقوڵاوی زمانی ئاسایی خەڵک و زمانی قسەپێکردنی خەڵکی ئاساییە. لێهاتوانە وشەکانی رێکخستوەو تابلۆیەکی هونەری پێنەخشاندوە، ئەمەش زمانی شیعری (پەشێو) لەزمانی شیعری پێش خۆی جیابکاتەوە.

## ئەنجامەکان

1 – یاخیبوون دیاردەیەکی دێرینی فرەڕهەندە پەیوەستەبەژیانی مرۆڤەوە ،جێی سەرنجی فەیلەسوف وکۆمەڵناسان وشاعیران ونوسەران بووە.

2 – بارودۆخی کۆمەڵایەتی ،سیاسی وئایینی وتیکچوونی دەروونی شاعیر هۆکاری سەرەکی یاخیبوونن.

3–زولم وچەوساندنەوەی ڕژێمی بەعس ونادادی وگەندەڵی دەسەلاتی ناوخۆی وای کردووە یاخیبوون لەدەسەڵاتی سیاسی وکۆمەڵایەتی ونیشتیمان بەڕوونی لەشەعرەکانی(پەشێو) دا دەرکەوێ.

4 – ئەوکارەسات و مەرگەساتانەی گەڵی کورد وبێ نەوای و بێ دەنگی خودا وایکردووە یاخیبوونی ئایینی و خودی بەڕوونی لە شیعرەکانی(پەشێو)دەرکەوێت.

5 – (پەشێو) لەڕەوت و گروپە شیعری و ئەدەبییە نوێخوازەکان بێ ئاگانەوبووە،گۆڕانکاری ناوەڕۆک وفۆرم وزمانی سادەی یاخیبوونی شیعری لای (پەشێو)بەرهەم هێناوە.

## سەرچاوەکان

**یەکەم :بەزمانی کوردی:**


برزنجی، ئازاد (2020). چەندوێستگەیەکی فیکری ئەدەبی، چ4، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، کوردستان.

پەشێو، عەبدوڵلا، (2014)، پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە شیعری(1965–1979)، چ4، چاپخانەی ڕۆژهەلات، کوردستان.

پەشێو، عەبدوڵلا،(2019)، سەوڵم پۆلا و کەناریش دوور شیعری(2006–2009)چ2، چاپخانەی ڕۆژهەلات،هەولێر، کوردستان.

پەشێو، عەبدڵلا، (2014)، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا شیعری(1980–2005)، چ4، چاپخانەی ڕۆژهەلات، کوردستان.

پەنا، بەهنام محەمەد (2011). نهێنیەکانی شارستانیەتی رۆمی کۆن، چ1، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، کوردستان.

ڕۆستەم، ئاری عوسمان (2016). ڕەنگدانەوەی بوونگەرایی لەڕۆمانی کوردیدا کرمانجی ناوەراست، نامەی ماستەر، زانکۆی گەرمیان .

سعید، ناز ئەحمەد (2010). لادان لەشیعری (لەتیف هەڵمەت )، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

سالّح، هاشم(2001). ئاین وعەلمانیەت وکۆمەڵگای مەدەنی (گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد ئارگۆن)، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چ1، دەزگای موکریان، هەولێر، کوردستان.

عارف، ئاشتی حسین، (2025)، گرفتەکانی ژن لە ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاران )ی بەختیار عەلی دا، گۆڤاری زانکۆی کەرکوک بۆزانستەمرۆڤایەتییەکان،کەرکوک، بەرگی(20)، ژمارە(1).

قەرەچەتانی ، د.کریم شەریف (2004). تیۆرەکانی ڕێنمای وئاراستەکردنی دەروونی ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە (91).

کریم، اوات رحیم(2024). یاخیبوون لەشیعری کوردیدا (1970-1991)کرمانجی ناوەراست، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان و زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی گەرمیان.

-کامۆ،ئەلبێر،(2012)،مرۆڤی یاخی. و:ئازاد بەرزنجی، ناوەندی غەزەلنووس،سلیمانی،کوردستان.

گولّی، عبدالقادر نوری عبدالکریم (2008). یاخیبوون دناڤ هۆزانا نویخازا کوردیدا ( سەلمان کوڤلی وەک نموونە )، هەولێر، کوردستان.

- میهرین، میهرداد (2009). قوتابخانە فەلسەفیەکان، و:سیدۆ داود علی، چ1، چاپخانەی ڕێنما، سلێمانی، کوردستان.

موکریانی، هەژار، (1388). فەرهەنگ، چ5، چاپخانەی أنتساراتی سروشت، تهران، ئێران.

نقشبەندی، غیاث الدین (2004). نامۆی، چ2، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، سلێمانی، کوردستان.

– نوورەدین، بوار (2022). پەیڤ و پەیام، (هەڵبژاردەی نووسینەکانی 1970 – 1981 ) لەگەڵ بیبلۆگرافیا دا (ڕەفیق سابیر) چ1، چاپخانەی تاران، ناوەندی غەزەل نووس، سلێمانی، کوردستان .

– طه، هاوکار مامەند (2006). قەدەغەشکێنی لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا (1980– 1991)باشوری کوردستان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.

**دووەم:بەزمانی عەرەبی :**

الطيب، عثماني (2017). شعرية التمرد في الشعر العربي الحديث مراءة في ديوان احمد المطر، رسالة الماجستير، جامعة محمد بوضياف ، كليةالأداب واللغات، قسم اللغةوالأدب العربي، جزائر.

امينة، عويد (2017). التمرد النفسي، رسالةماجستير، قسم العلوم التربوية والنفسية ،كلية التربية، جامعة القادسية.

العلي، فيصل حسين تحمير (2004). التمرد في الشعر العباسي الأول، أطروحةالدكتوراه، جامعة المؤتة.

أسس، رابوبرت (1965). مباديء الفلسفه، ط7 ، مكتبة النهضه، القاهره، مصر.

العفني، عبدالمنعم (1999). موسوعةالفرق والجماعات والمذاهب واحذاب والحركات الأسلامية، ط1، دمشق، سوريا.

أبو زهرة، الأمام محمد (2009). تاريخ المذاهب الأسلامية، ط1 ، دار الفكر العربي، القاهرة، مصر.

بلوم، الأخضر (2019). التمرد في شعر تابط شرا – دراسةجمالية رسالة ماجستير، جامعةقاصدي مرباح ورقلة.

جعفر، د.عبدالكريم راضى (1998). رماد الشعر دراسة فى البنية الموضوعية والفنية لشعر الوجدانى الحديث فى العراق، دارالشؤونه الثقافةالعامة، بغداد، العراق.

خلف،ابراهيم محمد،(2024)، الفتاوى الدينيهواثرها علي الحياة السياسيةلسلاطين دولة المماليك،مجلةجامعةكركوك للدراسات الإنسانية،المجلد(19)،العدد(2).

سلوم، سفانه داود (2007). ظاهرة التمرد في أدبي الرصافي والزهاوي ،(دراسةتحليل موازنة)، رسالةماجستير، جامعةبغداد، كليةتربية–ابن رشد.

عساف، نوال محمد (2020). قياس مستوى التمرد النفسى فى المدارس الثانوية من وجهة نظر المدرسين، مجالة جامعة بابل للعلوم الانسانية، المجلد (28)، العدد (3).

غازي ،عبداللة امير، فاطيمة لطيف عبداللة(2018). التمرد وأشتغالاته بلفن المفاهيمي ،مجلةجامعة بابل العلوم الإنسانية، المجلد (26)، العدد (6).

فتحية، رانية (2019). ظاهرة التمرد في رواية الأجنحة المتكسرة (جبران خليل جبران)، رسالةماجستير، الجزائر.

سێیەم:بەزمانی فارسی:

ستونس، راب (1389). متفکران بزورگ جامعه شناسی، ت : میهرداد میردا مادی، چ1، نشر و مرکز، تهران ئیران .